ریكخراوی لێكۆڵینەوەو زانیاریەكانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

# راپۆرتی چالاکیەکانی

# رێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر

# هەولێر

# راپۆرتی چالاکیەکانی رێکخراو بۆ ساڵی 2020

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

## زانیاری گشتی :

**ڕێکخراو مۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە بە پێ فەرمانی ئەمیند ا ریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بغداد بە ژمارەی 1075356 لە ڕێکەوتی 9-5-2012**. وە مۆڵەتی یاسایی ڕێکخراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ژمارە ی تۆمار ( 134 گ ) بەرواری دەرچوونی بەڵگەنامەی تۆمار ؛ 26-3-2013.

**ئامانجی ڕێکخراو ناساندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی یەکسانی جەندەری و بنەماکانی ماف مرۆف , ڕێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر ڕێکخراوی نا حکومییە و قازانج نەویستە و سەربەخۆیە , و تایبەتە بە کێشەکانی جەندەر و ئافرەت و کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بلاوبونەوەی یاسا و بنیادنانی کۆمەلگای مەدەنی , لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە کان.**

**وە ڕێکخراو ئەندامە لە چەندین تۆر لەمانە:**

**1-تۆری چاودێری کردنی مافی مرۆف لە کوردستان.**

**2-تۆری رۆژ بۆ چاودێری کردنی هەلبژاردن.**

3-تۆری ماف بۆ یاسای رێكخراوە نا حكومیەكان.

4- تۆری دادپەروەری بۆ زیندانیان لەسەر ئاستی عیراق.

5-تۆری نا بۆ توندو تیژی لە كوردستان.

6-پالاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی كۆئەندامی زاوزێ مێینە.

7-منسقی هەولێر بۆ گروپی UPR..

8-ئەندام لە تۆری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی كردن بە مرۆڤ.

9-ئەندام لە گروپی ژیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان.

10-ئەندام لە گروپی (مروف ) بۆ چاودێریكردنی پێشلكاریەكانی مافی مرۆڤ لە عیراق.

11-ئەندام لە تۆری هۆشیاری هەلبژاردن لە پارێزگای هەولێر.

12-ئەندام لە گروپی تۆبەندی بریاری 1325 لەسەر ئاستی عیراق.

13-ئەندام لە تۆری پاریزگارانی مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی عیراق.

14-بەرێوبەری هەڵمەتی (دەنگی ژنان بۆ ژنان ) لەسەر ئاستی عیراق.

# گرنکترین چالاکیەکانی رێکخراو لەساڵی 2020

لەسالی 2020 بە هۆی ڤایرۆسی کۆرونا وە چەلاکیەکانی رێکخراو کەمتر بوو بە بەراورد لەگەل چالاکیەکانلی رێکخراو لە ساڵانی پێشتر وە چالاکیەکان بەگشتی ئەمانە بوون :

1-رێکەوتی 2020-2-17 کۆبونەوەی ئەو رێکخراوانەی کە لە بەرنامەی مدد پرۆژەیان جێبەجێکرد لەگەڵ شارەزا و چاودێر ی نێودەولەتی بۆ هەلسەنگا ند نی پرۆژەکانی دامەزرواى مدد لە هەرێمی کوردستان .





2- رێکەوتی 2020-2-25 تا 26-2- 2020 بەشداریکردن لە کۆبونەوەی تایبەت لە لاهای – هۆلندا لەگەڵ کۆمەلێك لەو رێکخراوانەی کە هاوبەش بوون لەگەڵ (ICMP) کۆمسیونی نێودەولەتی بێسەرو شوێنکراوان وەیان دەستگیرکراون لە کاتی شەر و

**پێکدادانە چەکداریەکانی ناو سوریا بەمەبەستی دانانی پلانێك بۆ کەس و کاری پەنابەرە سورییەکان .**








**3 ڕێکەوتی 2020-3-8 سەردانی کردنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراومان بە بۆنەی جەژنی جیهانی ئافرەتان و پیرۆزبایی لە خاتوو (د.**

خانزاد ئەحمەد ) بە بوونی بە ئەمینداری ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان بە هیوای خزمەتکردن و باشترکردنی بارو دۆخی ئافرەتان لە کوردستان.




4- بەمەبەستی سوود گەیاندن بۆ چین و توێژەکانی کۆمەلگا و بەتایبەتی پێکهاتەکان و لەچالاکیەکانمان پرۆژەی پالپشتی دەروونی و کۆمەلایەتی بە ( زمانی کوردی – عەرەبی – سریانی – تورکمانی ) بە هاوکاری رێکخراوی فریاگوزاری نەرویجی و تۆری هاوپەیمانی پێکهاتەکان ئەم پرۆژەیە جێبەجێکرا , وە رێکخراوی ئێمە بە زمانی ( کوردی و تورکمانی ) ئەم خزمەتەی پێشکەش بەم دوو چینە لە پێکهاەتەکان کرد کە تێدایە لەرێگای پەیوەندی کردن و پەیوەندی وەرگرتن خزمەتی پالپشتی دەروونی و کۆمەلایەتی پێشکەش بە خێزانەکان کران وە تێدا 250 خێزان سوود مەند بوون ئەم پرۆژە لە رێکەوتی 2020-4-10 تا 2020-5-25 بەردەوام بوو .

ريكخراوى ليكۆلينەوەو زانياريەكانى جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

مشروع تعزيز حقوق الأقليات العراقية

نظرا لاوضاع انتشار فايروس كورونا (COVID-19)

تحالف الاقليات العراقية بالتعاون مع جمعية الثقافة المندائية و منظمة الدراسات و المعلومات الجندرية وبدعم من منظمة مساعدات الشعب النرويجي تقدم الدعم النفسي و الاجتماعي لأبناء الأقليات ممَن تعرضوا الى صدمات و أزمات نفسية و اجتماعية من قبل باحثين متخصصين و باللغات الأربع ( عربي / كوردي / سرياني / تركماني) .

من خلال الخدمات المجانية ، على مدار أيام الأسبوع من ( الأحد إلى الخميس ) من الساعة 9:00 صباحاً وحتى 4:00 عصراً من خلال الإتصال الهاتفي (فايبر - واتساب) أو عبر وسائل التواصل الاجتماعي ( فيس بوك - تويتر ) ، و للوصول الى الخدمات آخرى تكون عن طريق الإتصال عبر هواتف الباحثين :

| الباحث | رفيق حنا | شيرين حسام الدين | حسن عبدالحميد | رمزية عبدالوهاب |
|---|---|---|---|---|
| اللغة | السريانية | التركمانية | العربية | الكوردية |
| الهاتف | 07515367321 | 07515340672 | 07515367260 | 07515367258 |

و لأجل الإتصال عبر وسائل التواصل الاجتماعي نرجو زيارة الموقع الاكتروني لشبكة تحالف الاقليات العراقية

www.aim-iq.net

5- له چالاکیەکانی ڕێکخراومان لەماوەی مانگی ڕەمەزان دابەشکردنی هاوکاری ماددی و خۆراکی بۆ 90 خێزانەی کەم دەرامەت و هەژار لە گەرەکەکانی هەولێر و ناحیە ی شاوێس و بنەسڵاوە و عەنکاوە بەهاوکاری کۆمپانیای بەختیاری .




















6- رێکەوتی 10-6-2020 کۆبونەوە لەگەڵ بەرێز حاجی عزالدین راوێژکاری یاسایی لەبەرێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی خێزانی بۆ بەدواداچوون بۆ هەندێك کێسی ئەو ئافرەتانەی کە روو بە رووی توند و تیژی دەبنەوە وە چۆنیەتی هەماهەنگی نێوان رێکخراومان و بەرێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی خێزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی توند و تیژی خێزانی .






**7- رێکەوتی 2020-7-7 بەشداریکردن لە پانێل تایبەت بە تێروانینی رێکخراوەکان بۆ یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان وە تا چەند فەرمانگای رێکخراوە ناحکومیەکان بە کاری هەستاوە وە چی بکرێت بۆ باشترکردنی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان بە هاوکاری رێکخراوی ستۆپ وUSAID.**





8- ڕێکەوتی 30 -6-2020-تا 2020-7-8 بەشداریکردنی دوو لە ئەندامانی ڕێکخراومان لە ۆرکشۆپی تایبەت بە هەلمەتی ( المدافعه ) وە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی سەرکەوتوو بەبەشداری چەندین ڕێکخراو لەسەر ئاستی عیراق بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ کە ڕێکخراوی ئەنترنیوز سازی کردبوو بە ڕێگای بەرنامەی زووم .





9- ڕێکەوتی 23 -7 -2020 بەشداریکردنی ئەندامانی ڕێکخراومان لە هەڵمەتی (بەردەوام دەبین ) بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ئازادی بوون بۆ تواناسازی و تاکگەرایی و بەبەشداری چەندین کەسایەتی و ڕێکخراو و چالاکوانانی هەولێر نزیکەی پێنج هەزار ماسك بەسەر هاولاتیان دابەش کرا بۆ خۆپارێزی لە پەتای کۆرونا و پابەندبوونی هاولاتیان بە ڕێنمایە تەندروستیەکان .








ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية




**10- رێکەوتی 2020-10-14 لەسەر بانگێهێشتی ( ستیفن هیکی) باڵیۆزی بەریتانیا لە عیراق بەشداری لە کۆبونەوەی تایبەت بە بڕیاری (1325) کۆبونەوەی هاوبەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردنی بریاری ( 1325) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی (ئافرەت- ئاشتی- ئاسایش) کە رێکخراوەکەمان چەندین سالە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارە دەکات لە کوردستان.**



ريكخراوى لێكۆڵينەوەو زانياريەكانى جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

11- رێكەوتی 2020-11-23 كۆبونەوەی چەند رێكخراوێك و نوینەری لەگەڵ
ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و رێكخراوی DAI لە ئۆفیسی رێكخراومان لە
عەنكاوە بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاكیەك بەهاوبەشی رێكخراوەكان و
ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.




12- رێكەوتی 2020-11-25 لەیەكەم رۆژی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی
ئافرەتان رێكخراوی ئێمە و بە بەشداریكردنی ئەندامانی رێكخراومان لەگەڵ هەندێك لە
چالاكوانانی بواری ئافرەتان بە رێپیوانێك بۆ سەر قەڵای هەولێر وە مۆم بۆ گیانی
قوربانیانی توند و تیژی داگیرسا .

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

Gender Studies and Information Organization (GSIO)

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية









**13 -لە ڕێکەوتی 27 تا 29-11-2020 لە چالاکیەکانی ڕێکخراومان سازدانی ورکشۆپی تایبەت بە مافی پێکهاتەکان لەبەرنامەی (تعزيز حقوق الاقليات العراقية) بۆ 27 ئەندام لە تۆری هاوپەیمانی پێکهاتەکانی عیراق لەسەر ئاستی عیراق بەهاوکاری NPA و تۆری هاوپەیمانی پێکهاتەکانی عیراق.**

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261













ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

**منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية**















www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261





14 -لە رێكەوتی 21 تا 31—12-2020 جێبەجێكردنی پرۆژەی ( هەڵمەتی دەنگی ژنان بۆ ژنان ) لە میانەی پرۆژەی ( پەرەسەندنی دیموكراسیەت لە عیراق )
بە هاوكاری رێكخراوی - PAO و رێكخراوی NPA


لە چالاكیە كانی پرۆژە راگەیاندن و دانانی تیمی داكۆیكار بەناوی ( دەنگی ژنان بۆ ژنان ) بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی ئەنجومەنی نۆینەرانی عیراق لە رێگای :


1-راگەیاندنی فۆرمی بەئەندام بوون بۆ رێكخراوەكانی ئافرەتان لە پارێزگاكانی عیراق

2- دوو رۆژ كۆبونەوەی ئۆنلاین دەربارەی ( یاسای هەلبژاردنی نوێ و وە فرسەتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لە 25٪ ی كۆتا , وە چۆنیەتی دانانی بزوتنەوەكی ژنان بۆ هەلبژاردنی داهاتوو , هەروەها هەلبژاردنی دەستەیەك بۆ بەرێوەبەردنی هەڵمەتی داكۆكیكار و دانانی پلانی كاری دوارۆژ.

www.gsio-iraq.org Email: gsio.org2005@gmail.com Tel: +964 750 4632261

**3-دروستكردنى لاپەرى فيسبوك ى تايبەت بە هەڵمەتەكە و راگەياندنى هەڵمەتەكە بۆ راى گشتى .**





**ئامادەكردنى سەرۆكى رێكخراو**

**رمزيە عبدالوهاب ئەمين زانا**